# دنیای منداڵان

١٥٣

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا




سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە
ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت
مەلا، مینا سوڵتانزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

# نەورۆزو ساڵی نوێی کوردی

منداڵە  خۆشەویستەکان و خوێنەرانی گۆڤاری منداڵان! ئەوکاتەتان باش!
پێشەکی لە لایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «دنیای منداڵان»  بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێ و جێژنی نەورۆز پیرۆزبایی لە ئێوە ئازیزان دەکەین.

دیسانیش وەرزی زستان و سەرماو سۆڵە تەواو بوو و وەرزی بەهار و جێژنی نەورۆز هاتنەوە، بەهار وەرزی جوانی و زیندووبوونەوەی سروشتە.

لە بەهاردا بەفری سەر چیاکان دەتوێنەوە، ئاوی ڕووبار و کانیاوەکان دەگەشینەوە، دەشتەکان سەرسەوز و جوان و پڕ گوڵ دەبن، ئاژەڵەکان لە خەوی زستانە هەڵدەستن.

جێژنی نەورۆزیش کە گەورەترین جێژنی نەتەوەیی کوردانەو لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە، خەڵک دەچن بۆ سەیران و گەشت. هیواداریــن ساڵی نوێ بۆ هەمووتان ساڵێکی پڕ لە خۆشی و شادی بێ، بتوانن سەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنن.





دوکتور محەمەدی مەجدی

دوکتور کەماڵ ئەحمەد حاج زاهیر ڕسوول ناسراو بە دوکتور کەماڵ مەزهەر، لەساڵی ١٩٣٧ی زائینی لە ئاوایی ئاغجەلەری سەر بە پارێزگای کەرکووکی باشووری کوردستان لەدایک بووە.

لە ساڵی ١٩٥٩، لە لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوودا بە پلەی شەرەف وەردەگرێت.

دوکتور کەماڵ مەزهەر، بۆ تەواو کردنی خوێندن دەچێتە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی پلەی دوکتورا لە یەکیەتیی سۆڤیەت وەردەگرێ و لە ساڵی ١٩٦٩ی زائینیشدا بڕوانامەی ناوک بەدەس دێنێ.

دوای گەڕانەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ عێراق، لە ساڵی ١٩٨١ی زایینیدا بووە مامۆستای زانکۆ و خزمەتێکی گەورەی بە زانکۆکان و نەتەوەی کورد کرد.

خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوە و کتێبی مێژوویە لەسەر کوردستان و کورد و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئێستاکەش خەریکی درێژەدان بە ژیانی خۆیەتی و بەردەوامە لە خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد و مێژووی کوردستان بە تایبەت

# کچی پزیشکەکە

پیاوە پیرەکە خەریکی خاوێن کردنەوەی شەقامەکە بوو کە بە پەلە منداڵەکەی هەڵگرتەوەو بە باوەش گەیاندیە نەخۆشخانەکە. بە پەرستارەکەی گوت: توخودا یارمەتیی بدەن، ماشێن لێ‌داوە و بەجێی هێشتوە.

پەرستارەکە گوتی: ئەو منداڵە پێویستی بە نەشتەرگەرییە و دەبێت پێشتر پووڵەکەی بدرێت.

پیرەپیاوەکە: بەڵام من پووڵم نییە و دایک و باوکی ئەو منداڵەش ناناسم . تکاتان لێ دەکەم نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەن، ئەمن تا شەوێ پووڵەکەیتان بۆ دێنم.

پەرستارەکە: لەگەڵ ئەو پزیشکە قسە بکە کە قەرارە نەشتەرگەریی منداڵەکە ئەنجام بدات.

پزیشکەکە بێ ئەوەی تەنانەت سەیری منداڵەکەش بکات گوتی: ئەوە یاسای نەخۆشخانەکەمانە، دەبێت پێش نەشتەرگەرییەکە، پووڵەکە بدەن.

ڕۆژی دواتر پزیشکەکە لە کاتی ناشتنی کچە بچکۆلەکەی بیری لە دوێنێی خۆی دەکردەوە.

**هانا وریا**








# (کۆلکەزێڕینە)

کۆلکەزێڕینەی حەو ڕەنگی جوان و ڕازاوە

پێم بڵێ ئەو هەموو ڕەنگەت لە کوێ هێناوە؟

بووی بە پردی پەڕینەوەی مەل و پەپوولە

خۆشیان دەوێی منداڵانی گەورە و چکوولە

من دەزانم تۆ بۆ هێندە ڕازاوە و جوانی

ئەتۆ کچی قژ زێڕینی خۆر و بارانی

دەڵێم خۆزگە دوور نەبوایەی ئەوەندە لێمان

پڕ دەفتەرێ لەو ڕەنگانەت بدایە پێمان

ئەمسا دادەنیشتین من و ڕۆژین و کاوە

وێنەی بەهاری کوردستانمان دەکێشاوە

**ئەمین گەردیکلانی**

# پێنووسی خوێندەوارو بەکار



هیوا لەگەڵ ئەوەی زۆری حەز لە خوێندنو قوتابخانە بوو، بەڵام لەبەر نووسینەوەی وانەکانی لە قوتابخانە ماندوو ببوو.

هیوا زۆری بیر لەوە دەکردەوەو دەیگوت: خۆزگە پێنووسێکی جادوویی هەبوایەوەو هەموو وانەکانی بۆ بنووسێتەوە. ئەو هەروا بیری دەکردەوە کە لە نەکاو هەورێک دەستی کرد بە بارینو، هیوا بوو بە خاوەنی پێنووسێکی جادوویی.

لەو ڕۆژەوە هەر کاتێک هیوا ویستبای پێنووسەکە وانەکانی بۆ دەنووسییەوەو ئیدی ئەو خۆی ماندوو نەدەکرد. ئیدی ئەو ببوو بە قوتابییەکی نموونەو زیرەکو وانەکانی لە هەموو منداڵانی دیکە جوانتر دەنووسرایەوە. ئەو زۆر خۆشحاڵ بووو پێی وابوو ئاوا وەپێش منداڵەکانی دیکە دەکەوێ...

هیوا گەورە بوو، چووە زانکۆو پاشان بوو بە مامۆستا!

هیوا کە بوو بە مامۆستا، دەبوا وانەی بە منداڵان گوتبا. ئەو کە چوو لەسەر





تەختەڕەش وانە بۆ منداڵان بنووسێتەوە دەستو خەتی وەک شەڕە پشیلە وابوو قوتابییەکان هەموو پێی پێ‌کەنین، هیوا چونکە فێری نووسین نەببوو نەیدەزانی چۆن بنووسێ...

هیوا دوای تەواوکردنی خوێندن تازە زانیبووی هەر کەس زۆر بخوێنێ زۆر فێر دەبێو ئەگەر زۆر بنووسێ دەستو خەتیشی خۆش دەبێ.

بەڵێ منداڵەکان!

جەنابی مامۆستا ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە دەبێ لە سەرڕاوە دەست بە خوێندنو نووسین بکاتەوە.

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: مینا سوڵتانزادە**

# پۆلیسی دارستان

له‌ نیو دارستانێکی گه‌وره‌دا چه‌ندین ئاژه‌ڵی جۆراوجۆر ده‌ژیانو زۆربه‌ی ئاژه‌لەکان یه‌کتریان ئازار ده‌دا، نه‌زمی دارستانه‌که‌یان تێک دابووو زۆربه‌ی کاتەکان لە نێو ئه‌و دارستانە شه‌ڕ و ئاژاوه‌ بوو.

کۆمه‌ڵێک مراویی لێ‌بوو، هه‌رکات پێیانخۆش بایه‌ ده‌چوونە نێو رووباره‌که‌ و ئاوی رووباره‌که‌یان پیس ده‌کرد.

زه‌ڕافه‌یه‌کیشی لێ بوو، زۆر له‌خۆبایی بوو هه‌رکات حه‌زی لێ بوایه‌ ده‌چوو گه‌ڵای داره‌کانی ده‌خواردو هێلانه‌ی باڵنده‌کانی خاپوور ده‌کرد.

له‌و دارستانە رێویه‌کی پیریش ده‌ژیا، زۆرجاران ئاژه‌ڵه‌کانی دیکه‌ی فریوده‌داو خوارده‌کانی لێ ده‌خواردن.

مه‌یموونه‌کانیش هه‌مێشه‌ خه‌ریکی خواردنی مۆز بوونو توێکلی مۆزه‌کانیان له‌سه‌ر زه‌وی فرێ‌ده‌داو ئه‌و ئاژه‌ڵانه‌ که‌ به‌وێدا تێده‌په‌ڕین ده‌که‌وتنه‌ سه‌ر زه‌وی.

ماوه‌یه‌ک بوو هه‌موو ئاژه‌ڵه‌کان هه‌ستیان پێ ده‌کرد که‌ نه‌زمی دارستانه‌که‌یان تێکچووه‌ و ئه‌گه‌ر به‌م شێوه‌یه‌ بڕواته‌ پێش هیچکامیان ناتوانن له‌و دارستانە ژیان به‌سه‌ر به‌رن. هه‌ربۆیه‌ بڕیاریاندا لە ده‌وری یه‌کتر کۆ ببنه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی رێگه‌ چاره‌یه‌ک ببیننه‌وه‌و نه‌زمو ئارامی بۆ دارستانه‌که‌یان بگه‌ڕێننه‌وه‌. بۆیه‌ بڕیاریان‌دا که‌ بنکه‌یه‌کی پۆلیس له‌ دارستانه‌که‌یان دابمه‌زرێنن، به‌ڵام دیسان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ که‌ کێ ببێته‌ پۆلیسی دارستانه‌که‌یان  لێیان بوو به‌ هه‌ڵا.

یه‌کێک له‌ ئاژه‌ڵه‌کان به‌ ده‌نگی به‌رز هاواری کرد من پێشنیارێکم هه‌یه‌، ئێمه‌ ده‌توانین بۆ دانانی پۆلیسی دارستان هه‌ڵبژاردن بکه‌ین.دواتر چه‌ند دانه‌ له‌ ئاژه‌ڵه‌کان خۆیان کاندید کرد،دوای چه‌ند خوله‌ک ئاکامی هه‌ڵبژاردنه‌کان دیاری کرانو ماری خالّدا، یوزپلێنگ و قه‌له‌ڕه‌شه‌ی راستگۆ ده‌نگیان هێناوه‌، هه‌رسێکیان ده‌نگه‌که‌یان به‌رابه‌ر بوو، به‌ڵام ئاژه‌ڵه‌کانی دیکه‌ پێیان خۆشبوو ته‌نیا یه‌ک دانه‌ له‌وان ببێته‌ پۆلیسی دارستان.

ئاژه‌ڵه‌کان خه‌ریک بوون جارێکی دیکه‌ هه‌ڵبژاردن بکه‌نه‌وه‌، له‌ ناکاو گوێیان



لە دەنگی کەروێشک بوو کە هاواری دەکرد ئای فریام کەون دز کیفی پارەکەمی برد یوزپلینگ کاتێک گوێی لە دەنگی کەروێشک بوو بە غاردان رای کرد و دزەکەی گرت، دوای ئەو ماری خاڵدار هاتەپێشەوە و وەکوو تەناف لە دەوری دزەکە ئاڵاو لە دارێکی بەستەوە و لە لایەکی تریشەوە قەلە رەشەکە هەواڵی دەستگیر کردنی دزەکەی بە ئاژەڵەکانی دارستان راگەیاندو هەموویان لە دەوری کۆبوونەوە تا بزانن ئەو دزە کێیە کە لە دارستانەکەیان پەیدا بووە، یوزپلێنگەکە لێی نزیک بووە و کڵاوەکەی لەسەر سەری لابرد، کاتێک دیتیان کە کە ئەو دزە سمۆرەی هاوڕێی کەروێشکە سەریان سووڕما، هەموو ئاژەڵەکان داوایان کرد کە سمۆرە لە دارستان دەربکەن، بەڵام کەروێشک چووە پێشەوە و گووتی نەخێر نابێ کاری وا بکەن. ماری خاڵدار زۆری پێ سەیر بوو و گوتی ئەدی ئەوە نییە دزی لە تۆ کردووە؟ چۆن دیفاعی لێ دەکەی؟ کەروێشک وتی لە راستیدا من و هاورێکەم سمۆرە کاتێک دیتمان ئێوە ناتوان رێک بکەون لەسەر هەڵبژاردنی پۆلیس بۆ دارستان رێک بکەون پیلانێکمان دارشت هەتا بیسەلمێنین، کە یوزپڵینگ و ماری خاڵدار و قەلەرەشە هەرسێکیان بۆ پۆلیسی دارستان باشن و دەتوانن لە پاراستنی دارستانەکەمان یارمەتیمان بدەن.

و. پەیام

## منداڵینە! جیاوازییەکانی نێوان ئەم وێنانە ببیننەوە!





# منداڵانی قوتابخانەی ٢ی ڕێبەندان لە ڕۆژی جلی کوردیدا









# منداڵانی قوتابخانەی بنەڕەتیی رۆژهەڵات لە رۆژی جلی کوردیدا






سڵاو منداڵەکان!







Hi every body

(Pets) وانەی ئەمجارەمان تایبەت بە ئاژەڵە

What pet do you like best?

کامە ئاژەڵت زیاتر خۆشە دەوێ؟

I like parrots.

من تووتیم خۆش دەوێن

Why do you like parrots?

بۆچی تووتیت خۆش دەوێن؟

I like parrots because they are cute.

من تووتیم خۆشدەوێن لەبەر ئەوەیکە جوانن.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Fox | Parrot | Frog | Snake | Rabbit | Hamster | Cat | wolf | Dog |
| ڕێوی | تووتی | بۆق | مار | کەروێشک | هامستر | پشیلە | گورگ | سەگ |
| Lion | Tiger | Elephant | Cow | Horse | Sheep | Donkey | Fish | Camel |
| شێر | بەبر | فیل | مانگا | ئەسب | مەڕ | کەر/ گوێدرێژ | ماسی | وشتر |

Why do you like dog?

بۆچی سەگت خۆش دەوێ؟

I like dogs because they are friendly and playfull

من سەگم خۆش دەوێ چونکە ئەوان هاوڕێی باشن و کایەکردن لەگەڵیان خۆشە





Do you like cats?

تۆ پشیلەت خۆش دەوێ؟

No, I don’t

نا، خۆشم ناوێن

Why not?

بۆچی نا؟

That’s because they are lazy and boring

چونکە ئەوان تەمبەڵ و ماندووکەرن

کاوە ئاهەنگەری

# کۆلکەزێڕینە

منداڵینە! ئەگەر زانیتان کۆلکەزێڕینە چۆن دروست دەبێ؟!
کۆلکەزێڕینە لە چەند ڕەنگی تێکەڵاو پێکهاتوەو، کاتێک باران دەبارێو خۆریش لە ئاسمان دیارە، لەو کاتانەدا کۆلکەزێڕینە دروست دەبێ.
منداڵینە ئێمە ڕەنگی خۆر بە زەرد دەبینین، بەڵام لە ڕاستیدا خۆر لە حەوت ڕەنگ پێک هاتوە: بنەوش، نیلی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵیو سوور. خۆر لەو ڕەنگانە دروست دەبێو ڕووناکیەکی تێکەڵاو لەو ڕەنگانە دەردەکەوێو پێی دەگوترێ «تەیف».
کۆلکەزیرینەش دوای باران بارین کە ئاسمان پڕە لە دڵۆپی بچووکی ئاو، دەردەکەوێ. ڕووناکی خۆر بەنێو ئەو دلۆپانەدا تێدەپەڕێو دەشکێو ئەو حەوت ڕەنگە دروست دەبن کە پێی دەگوترێ کۆلکەزێڕینە!
ماوە بڵێین کۆلەکەزێڕینە دوو دانەیە، یەکیان بە پڕڕەنگی دەردەکەوێو ئەوی دیکەش کاڵە.

ئا: نارین کەنکاش





# منداڵینە! بە دڵی خۆتان بمڕەنگێنن!



# بەهار

زستان نەما، بەهار هات
خۆشی بۆ گوندو شار هات

بولبول گەیی بە مرادی
دەخوێنن بە ئازادی

پەپوولە لەم چڵ بۆو چڵ
دەچێ بۆ سەیرانی گوڵ

جوانە ئەم چیاو دەشتە
کوردستان وەک بەهەشتە

**هەژار**



# سوودەکانی کیوی

کیوی میوەیەکی زستانییە. داری کیوی سەرەتا لە ناوچەکانی باشووری چین دۆزراوەتەوەو هەر لەوێ را چۆتە ناوچەکانی دیکەی جیهان.

هێندێک لە سوودەکانی کیوی

- کیوی بڕێکی زۆر لە ڤیتامین C و هەروەها کەلیسیۆم و ئاسنی تێدایە.
- خواردنی کیوی بۆ ئەو کەسانە کە نارەحەتی گەدەیان هەیە زۆرباشە.
- خواردنی کیوی دوای ژەمەکان یارمەتی هەرەس کردنی خواردن دەدا.
- کیوی بۆ ئەو کەسانە کە نەخۆشی قەندیان هەیە زۆر بە سوودە، هەروەها ئەو کەسانەش کە قەڵەون بۆ دابەزاندنی کێشی لەشیان دەتوانن کیوی بخۆن.





# فێرگەی نەقاشی



**هەر کەس پێی خۆشە زیاتر بزانێ با بیخوێنێتەوە:**



مێشهەنگوین دوو گەدەی هەیە یەکیان بۆ کۆکردنەوەی هەنگوینەو ئەوی دیکەشیان بۆ خواردن.



بەکارترین ئەندامی مرۆڤ زمانییەتی.



پشیلە ٣٢ ماسولکەی لە گوێچکەی‌دا هەیە.



ورچەکان چەپ دەستن.



مێروولە کاتێک مەسموم دەبێ بەلای ڕاستی‌دا دەکەوێ.



ئەسپەکان بە پێوە دەخەون.



سەدی ٩٠ ی ژەهری مارەکان لە پروتێئین پێکهاتوە.




**نەقاشی کچی حامید ئەحمەدی بۆ باوکی لە زیندان، یەکیک لە زیندانیانی لە سیدارەدراوی کورد کە ڕێکەوتی ١٣٩٣/١٢/١٣ی هەتاوی لە گەڵ پینج کوردی تر لە سیدارە دران!**



ئەوین پوورمەند



هانا مەحموودی



سارا ئیسمائیلی



مەتین مەمەندی



میدیا عوسمان



سۆما ئیسمائیلی


ژۆنا سوڵتانی



باوان بداغی


پەرنیان سەدیقی


سامال سەممار


ئاسۆ حوسێنی


کۆچەر موئمێنی

